## ئەتۆش قەرەم بەکاردێنی؟!! بروسکە وەڵامێک بۆ کاڵ فامێکی نەخوێنەواری تر!!! .. ئامانج عەبدوڵا سوور

بەراستی سەیرە کەسانێك پەیدابوون بەبی ئەوەی باکگراوندێکی مەعریفیان هەبێت لەخۆرا ئەنوسن ووادەزانن نوسین دەردەشەی چاتە ئیدی لەوە حاڵی نابن نوسین پەیامێکە کەم تازۆر دەبی هەژاندن بەدوای خۆی دا کیش بکات، چ جای رەخنە ئەستەمە کەسێکی بی ئاگا رەخنەگر بێت ئاڵتۆسیر ئەڵی رەخنەگر تا ئاستی هەڵوەشان دەبی ووردبین بێت. . . جا ئەوجۆرە کەسانە کەخاوەنی هیچ مەعریفەیەك نین هەمیشە بەدوای شوناسی خەڵکەوەن چونکە لەئەدەبی بێگانە بی ئاگان وبەهەموو تەمەنیان چوار دێریان نەخوێندۆتەوە وکاتی خۆیان بەچات وچایخانەکانەوە خەریك ئەکەن بۆیە نەلەرەخنە تی دەگەن و نەئەدەبیاتیان خوێندۆتەوە ئەوەتا برادەرێکی موستەجید گوایە وەڵامی منی داوەتەوەو وێنەکەی خۆشی داگرتووە هاتووە دەفەرموی (چینی لاوان) من کەئەمەم خوێندەوە بەئەندازەی شاکارەکەی نوسەری بەتوانا حەمەسەعید حەسەن (قوڵپی پێکەنین) دامە پرمە پ‌َیکەنین) ئەم برادەرە کەلاو بەچین بزانێت هەتا لەم دارە زرە بدەی تووی لی ناوەری!!

کەسێکی وەکو کاکە هێمن عومەر کەمن ماوەیەکی زۆر جەدەلی ناو سایتە نەتەوەیەکەی کوردستان نێت مان کرد ئەکری لەسەر لاوان بدوی بەڵام بۆ کاکە رێبین نەهاتووە بەبی باکگراوندێکی مەعریفی بێت باس لەشوناس وئەرك ومافەکانی گەنج بکات ئاخر تۆ هەتا ئێستا لەفەرهەنگ دا کۆڵەواری وچین وتوێژوکەرتت پی جیاناکرێتەوە بۆ دێیتە ناو ئەم جەدەلەوە لەگۆترە ئەبیت بەپارێزەری کەسێکی تر کەنە دەیناسم ونەلەژیانیشما خوێندومەتەوە؟!کاکە رێبین پەندت ئەدەم بخوێنەرەوە دواتر کورد ووتەنی دوپشکە لەخۆی بەشکە وێنەکەی خۆی بڵاوکردۆتەوە گوایە من مەبەستم ئەو بووە کاکەگیان من بەرگێکم دووریوە کی لەبەری ئەکات پیرۆزی بێت بەتۆشەوە. ئنجا بەوەشەوە نەوەستاوە بۆ ئەوەی لە چایخانەکانی سەرەرێی ئیسکان خۆی پێوە بابدات. پەلاماری شاد ئەدات مەحکومی ئەکات بەبی ئاگایی کاکی برا شاد هەر هیچی نەکردبی لەبەرنامەی ئایندەدا دەسەڵاتی ریسواکرد رێی بەدەیانی وەکو من داوە لەسەر شاشەی کوردستان بەرامبەر دەسەڵات بدوێن ئنجا تۆی نەخوێندۆتەوە لەبەر ئەوەیە کەلەفەرهەنگ دا کۆڵەواروبی تفاقی. . . دواتر باسی ئەوەکات کە فەرهادپیربال وبەختیار عەلی گوایە بیرمەندن ئەمجارەش برۆ زیاتر بخوێنەوە تۆ راست ئەکەیت سەبارەت بەتۆ بیرمەندن رەنگبی عەلامەش بن بەڵام باهەر خۆت بزانیت بیرمەند ئەوانەن بەتێزی نوێوە دێنەمەیدان ولوسیاقەدا نوێکارن تالوتکە کورد بیرمەندی هەبوبێت بەئیعترافی زۆرێك لەکەسانی پرۆفیشناڵ ئەوە مەسعود محمد بووە نەك رۆمانی مناڵ بازە حەیاتەکەی فەرهاد وخوێنەری کوشندەی بەختیار!!دواتر هەڵئەشاخی بەسەر مهاباد قەرەداغی هەڵگری پەیامی فێمێنیزمی کوردی گوایە بوەتە داردەستی دەسەڵات باشە قەت مهاباد قەرەداغیت خوێندۆتەوە؟؟گەر بتخوێنایەتەوە بەوە ئاشنا ئەبیت کەوەك بەختیار نیەو شەپۆلی جیاوازی نوسین وپەیامیان هەبووە ئەوە کاك بەختیار بوو حزبی خستە ژێرباری پرسیارەوە ودواتریش بوبە دەمراستی برادەرانی ئەمبەر!!!هەشە بوەتە پیاوی ئەوبەر!!بەهەربار من ناڵێم ئەوانە هیچیان نەکردووە بەڵام وەك تۆ رەهاگەرنیم!! تکام وایە کەهیچتان پی نیە شێخ رەزا ووتەنی با نەبێتە حەشری نێرەکەر لەم حوجرەدا!!من دڵنیام کاك عومەرفارس خەمێکی گەورەی نەتەوەیی پاڵی پێوە ناوە شەونخونی بکات بەدیار کوردستان نێتەوە با کۆمەکی ئەم سایتە بکەین بەمادەی

بەپێز وقەڵەمی پرچەك بەهونەرومەعریفە نەك وەك کاکە رێبین لاوانمان لی ببێتە چین وبێین پەیامی وەرامامان هەبێت ئەگەر مەبەستتە بەهۆی منەوە خۆت پاماڵ بکەیت وخۆتت بەئەندازەی دۆنکیشۆد لی ببێتە پاڵەوان و بەگژ هەورا بچیت ئەوە دڵنیابە تا یەك ساڵی تر بنوسیت لەسەرم وەرامت نادەمەوە ئنجا بەلەوەش ئاگاداربیت من دەمامکم نیە راستە من ئەمرۆ بەرێوەبەری دامەزاروەیەکم کە حکومەتی کوردستان ئیدارەی هەولێر کۆمەکی ئەکات بەلام زەقترین ئۆپۆزسیۆنی ناودەسەلاتم من ئەڵێم لەدەرەوەی دەسەلات دا ریفۆرم بەبەتاڵی ئەمێنێتەوە با لەناودەسەلات دا ریفۆرم خوازبین ئنجا وەك ئەو برادەرانە نیم 450مەتر زەوی حاسڵ بکەم ولەولاش گەمەیەك رێکبخەم لای تۆ ببمە بیرمەند ئەوبرادەرانە بەگەمەی حزب خۆیان ئەم بەیت وبالورەیەیان رێکخستوە ئەمرۆ حزب ئەوەی ئەوێت خاوەنی دوو دیوو بیت لەدوێکیان دا رەخنەرگر بیت بۆ بەرچاوی خەڵك وسوێند خوارد لەتەنگانەش دا کوری خۆیان بیت، تۆش زیارت بخوێنەوە بە لەرۆخی دەریاکە نەمێنیتەوە وەرە ئاشنابە بە یاقوت ومەرجان وقەوزەش کەلە ناودەریاکەدایە لەگەڵ ماسی دا قرشەکانیش تەی ئەکەن. . .

2005/11/11

سلێمانی

تێبینی/

گەر کاکە رێبین لەهەر پەڤێکی سەرەوەم تی نەگەیشتووە ئەوا ئامادەم خۆبەخشانە زانیاری لەسەری بدەم، لەهەر پەیامێك دا چەقی بەست باپەیوەندی بەئیمێلەکەمەوە بکات. .